# زەینەب خان – کچە کورد

**ناوی کتێب: دیوانی زەینەب خان – کچە کورد (١٩٠٠-١٩٦٣)**

**ئامادەکردنی:** حیکمەت حەمید مەلا ڕەئووفەفەندی خادم سوجادە

**پێشەکی و پێداچوونەوە و ڕێکخستن:** عەبدوڵڵا زەنگەنە

**پێنووس**

ئەو دیوانەی لێرەدا باسی دەکەین دیوانێکی شیعری ئاسایی نییە؛ بەرهەمێکی هزری نیشتمانی و نەتەوەییە، پێش ئەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی بێت. ئەم دیوانە لە لایەن زەینەب خانی کچی مەلا ڕەئووفەفەندی مەحموودەفەندی خادم سوجادەوە نووسراوە، پێش زیاتر لە نیو سەدەیە. ئەم ئافرەتە لە ساڵی ١٩٠٠ لە کۆیە لەدایك بووە و لە قەڵای هەولێر زۆربەی ژیانی بەسەربردووە و خێزانی کەسێکی ناوداری شاری هەولێر بووە؛ هەر لە هەولێریش لە ساڵی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کردووە. خوشکی گەورە و بەخێوکەری شاعیری گەورەی گەلەکەمان "دڵدار"ە، کە ئەم لە ساڵی ١٩١٨ لەدایك بووە وخاوەنی دەقی سروودی نیشتمانیی "ئەی ڕەقیب"ە. بنەماڵەیەکی ئەوەندە ڕۆشنبیربوونە، باوکیان لە ساڵی ١٩٠٦ زەینەبی کچی بە تەمەنی (٦) ساڵییەوە ناردووە بۆ بەغدا بۆ ئەوەی لە قوتابخانەی ڕوشدییەی کچان بخوێنێت.

ئەم ئافرەتە ڕۆشنبیرە چەندین زمانی زانیوە، لە سەردەمێکدا کەم پیاو هەبووە خوێندەوار و زمانزان بووبێت. زەینەب خان بۆتە قوتابخانەیەك بۆ دڵداری شاعیر. لە خوێندنەوەی ئەم دیوانە، بۆمان دەردەکەوێت سەرچاوەی بیری دڵداری مەزن لە کوێوە هەڵقووڵاوە. هەر دڵدار خۆی دەڵێت: "زرووفی ئەوساکەی عائیلەوی، مامۆستای هەرە گەورەم بووە، هەروەها سوڵتەی دایکم و خوشکی لە خۆ گەورەترم، مورشیدم بوون." دەڵێن "لە دوای هەر پیاوێکی مەزن، ئافرەتێك هەیە"؛ دڵدار خێزانی پێکنەهێنابووو لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا جوانەمەرگ بوو؛ پێمان وایە زەینەبی "کچە کورد" وخوشکە گەورەی لە پشتی بووە.

ئەم دیوانە شیعرە، چەندین ساڵە ونبوو ئەمدەست و ئەودەستی دەکرد و نەگەیشتبوو بەر دیدی خوێنەری کورد. دوای دەیان ساڵ، بە هەوڵ و هیممەتی نووسەر "عەبدوڵڵا زەنگەنە" و بنەماڵەی ئەم خانمە بەڕێزە، ئەم بەرهەمە ساغکرایەوە و نەفەوتا و بڵاوکرایەوە. ئەم خانمە ڕۆشنبیرە توانیویەتی چەندین دەقی خۆی لە گۆڤاری گەلاوێژ لەژێر نازناوی "کچە کورد" بە چاپ بگەیەنێت. دەقە شیعرییەکانی ئەوەندە نیشتمانپەروەرانە بووە، خانەوادەکەی لە ترسی حکوومەتە سەرکوتکەرەکانی عێراق نەیاندەتوانی بڵاوی بکەنەوە.

خوێندنەوەی ئەم دیوانە شیعرە سەرسامت دەکات. پرسیارت لا دروست دەکات چۆن ئافرەتێکی کورد لە کونجێکدا کە خەریکی ماڵ و منداڵی خۆی بووە لە ساڵی ١٩٤٠ شیعری بۆ "سەربەخۆیی کوردستان" نووسیوە. بۆ کەرکوك لە ساڵی ١٩٥٠ هەڵبەستێکی نووسیوە؛ بۆ کۆچی شێخ مەحموودی حەفید لە ساڵی ١٩٥٦ هۆزانێکی پڕ لە سۆزی نووسیوە؛ بۆگەڕانەوەی بارزانیی نەمر لە ساڵی ١٩٥٨ بە جوانترین دەقی شیعری بەخێرهاتنەوەی دەکات.

له ساڵی ١٩٣٢"بە فیدای نیشتمان بم"ی داڕشتووە و، بێ دوودڵی دەڵێت "کورد میللەتێکی خاوەن عیزەتە – هەقی خۆیەتی دەوڵەتی هەبێ – خەیاڵیان خاوە دوژمنانی کورد – کورد هەر دەمێنێ وقەت نابڕێتەوە- ئەگەر بمانکەن بە چەند پارچەی تر – وەدەرمان بنێن بۆ دیوی مۆسکۆ-پشتیوان بە خوا وبەهێزی میللەت – ئەم کوردستانە یەك دەگرێتەوە."

ئێمە لێرەدا شیکارییەکی ئەدەبی و زمانەوانی ناکەین، بەڵام ئەو زمانەی ئەم ئافرەتە بەکاریهێناوە زمانێکی کوردیی یەکجار پاراو بووە؛ لە هاوشانەکانی پیرەمێرد و فایەق بێکەس و گۆران کەمتر نەبووە.

دیوانەکەی کە چاپکراوە، لە (١٩٠) پارچەشیعری کورت و درێژ و(٢٧) چوارین و (١٠) پارچەشیعری بۆ منداڵان پێکهاتووە. زۆربەی زۆری شیعرەکان مۆرکێکی نیشتمانپەروەری و سیاسیی پێوە دیارە و، هەندێکیان ئایینی و ڕۆحانین و هەندێکیان بۆ کۆچی کەسانی خۆشەویستی خۆی و ناسراو داڕێژراون. کۆتایی ئەم دیوانە، چەندین وێنە و یادگاریی مێژووی خانەوادەی "دڵدار" و "زەینەب خان" لەخۆ دەگرێت.

شیعرەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠-١٩٦٣ بڵاو کراونەتەوە. گومانی تێدا نییە کە چەندین دەقی شیعریی تری فەوتا بێت یان هێشتا نەدۆزرابێتەوە. ئەم کتێبە لە (٣٣٦) لاپەڕە پێک هاتووە؛ ئێمە تەنیا لێرەدا هەندێکی کەم لە دەقە شیعرییەکانی دەخەینە ڕووی خوێنەر. ئەمانەی خوارەوە تەنیا چەند نموونەیەکن. لەبەر کەمیی پانتایی نووسینمان، شیعرەکانیش هەندێکیان پارچە دەکەین:

یەکەم نموونە: لە "زەنگی تێکوشان" لە ساڵی ١٩٤٧، سۆزێکی لەڕاددەبەدەر دەردەبڕێت بۆ پێشمەرگە و کوردستان. منداڵ و هاوسەرگیریی خۆی لەو پێناوەدا بە لاوە دەنێت و دەنووسێت:

...

کوڕ و کچی کوردەواری، گوڵشەنی مێرگی وڵاتن

لە خەبات و تێکۆشانا، خوایە بۆنیان هەردەم خۆش بێ

هەتا مردن، قەت نەبیستم، شکستی هێزی پێشمەرگە

نیشانەی شەهیدبوونیانە، ئەو بەرگەی بە خوێن سوورپۆش بێ

چ شەرەفێکی گەورەیە، مردن لە ڕێی ئازادییا

کەسێ نییە، حاڵی نەبێ، مەگە بێفام و بێهۆش بێ

هەردەبێ بیستێنینەوە، خاکی زەوت و داگیرکراو

سەربەختی قەت نایەتەدی، بەو کەسەی، سەری لە کۆش بێ

"زەینەب" بڕۆ چەك هەڵگرە، شان بە شانی براکانت

منداڵ و شوو بە لاوە نێ، وڵات نابێ فەرامۆش بێ

دووەم نموونە: بە وشە جوان و کوردییەکەی، وێنەیەکی کوردایەتیی تێکۆشان دەکێشێت لە شیعری "سڵاو بێ سڵاو". ئەم شیعرە لە ساڵی ١٩٣٩، هەر دەڵێی لە ڕۆژێ ئەمڕۆ نووسراوە:

سڵاو بێ لەو لاوانەی کورد، خاوەن بیری ئینسانی بێ

دەستێکی کتێب و قەڵەم، دەستێکی چەکی شانی بێ

کوورەی ئاگر، نەیسووتێنێ و ئەبەد بە ئاگر نەڵێ ئۆف

بەرەو لووتکە، چیا ببڕی و بە هەورازی زریان و ئۆف

بۆ ڕزگاریی قەومی کوردان، پەنجەی لەسەر سێرەی تفەنگ

بە شەو و ڕۆژی بەپێوە بێ، بۆ هەر لەحزە، ئامادەی جەنگ

سڵاو بێ لە لاوانی کورد، لاوانی ئازا و کۆڵنەدەر

لاوانی مەرد و بەجەرگ و نیشانەشکێنی تێکۆشەر

ئەوانەی ڕۆحیان دەبەخشن، تا کوردستان سەربەرز بێ

وەکوو نەتەوەی ئارییایی، کورد نموونەی سەر ئەرز بێ

"زەینەب" ببە، بەو پێڵاوەی لە پێی دەکەن بۆ ڕێی خەبات

ئەوانە نووری چاوی تۆن، کوردستانت دەدەن نەجات

سێیەم نموونە: شاعیرێکی دانسقەیە، هەستی بە ئازارەکانی کورد کردووە. ئەوەتا لە پێناوی کوردایەتی و کوردەواریدا،سڵی نەکردۆتەوە وئینگلیزی بە داگیرکەر شوبهاندووە؛ لە ساڵی ١٩٢٨ ناونیشانی هۆزانەکەی "ئینگلیزی داگیرکەر"ە. لە ساڵی ١٩٤٣ شیعرێکی نووسییەوە لەسەر "دەمکوژێ خەمی کورد"؛ یان لە ساڵی (١٩٤٧) باسی خۆخۆری و پارچەپارچەیی کورد دەکات لە هەڵبەستی "ئازاین بەڵام...".چەند ڕۆژێك پێش مردنی بە شێرپەنجە لە ساڵی ١٩٦٣، بۆ "کوردی بێکەس" دەنووسێت. کەم کەس هەبووە لەو چەرخەدا بیری لە "کوردبوون" کردۆتەوە، کە هەڵبەستێکی تری شاعیرە لە ساڵی ١٩٤٦ نووسراوە. لە ساڵی ١٩٤٣ بۆ "ئاڵای کوردستان" بەم شێوەی هۆنیوەتەوە:

ئەو کوردستانەی بە خوێنی کوردان

ناڵەی گەیشتە عەرشی یەزدان

قبووڵی ناکا دیلی و ژێردەستی

گیانی دەبەخشێ لە ڕێی سەربەستی

ڕەوڕەوەی مێژوو چەندە پێش کەوێ

ئەو کوردستانە ئازادیی دەوێ

خاکی بەپیت وبەرەکەت وجوان

نەوت کانزایە بۆ خۆشیی ژیان

کەچی کوردستان خۆی لێی بێبەشە

ئازادیی ئێمە زەوت کراوە

ئەو مافەی  خودا بە ئێمەی داوە

لەوەتەی هەینە دەچەوسێینەوە

وەکوو ئەم مۆمەین قەت ناکوژێینەوە

باوەڕمان بە خودا وقودرەتی گەلە

دوژمن دەچێتە مێژووی مەزبەلە

ڕۆژێ دەبینین ئاڵای کوردستان

دەشەکێتەوە لە هەیبەت سوڵتان

**چوارەم نموونە:** هەڵبەستڤانێکی ئافرەت، هزرێکی ژنانە و نیشتمانپەروەرانەی هەبووە، دەگمەنە لەو سەردەمەدا نموونەی وەکوو زەینەب خان بدۆزینەوە. بەرپرسانە و نەبەردانە باسی لە پرسی ئافرەت کردووە کە دەگمەنە ئافرەتێک بەو شێوەیە تێکۆشابێت نەك لە کوردستان بەڵکوو لە هەموو جیهان، لە سەردەمێکدا ژیاوە لە زۆربەی زۆری وڵاتانی دیموکراسی ژنان مافی دەنگدانیشیان لە هەڵبژاردنەکاندا نەبووە. یەکێکە لەو ژنانەی کە سڵی نەکردۆتەوە کە شان بە شانی براکانی لە پێناوی وڵاتەکەی تێ بکۆشێت. چەندین شیعری بۆ کچ و ژنی کورد تەرخان کردووە. لەساڵی ١٩٣٠ پەیامێك بۆ "ژنانی مەرد" دەنێرێت:

ئەگەر دەتەوێ، گوڵی عومرت بم

خەمی نیشتمان، بخە سەرشانت

جێژوانی، چیا و چۆڵم ئی تۆ بێ

تفەنگ هەڵبڕە بۆ کوردستانت

ئەو کوردستانەی لە هەر چوار پارچە

بە چەقۆی دوژمن، لەتلەت کراوە

خەون و ئازادی ومافی ژیانمان

بێ دەستی خۆمان لە گۆڕ نراوە

دەبێ مشورێ بۆ حاڵمان بخۆین

دەست لەناودەست ومردن بۆ ژیان

بە زەبری دوژمن، نابێ بڵێین ئۆف

چۆڕاوگەی خوێنمان بڕوا لە زیندان

چ گەمژەیەکە، دەڵێ بە تەنیا

هەر بەرخی نێرە بۆ سەربڕینە

ئەگەر مێ نەبێ، نێر لە کوێ دەبێ؟

ئەسڵی ئەم قسە، پڕ لە برینە

ژن شەوق و نووری، ئەم دونیایەیە

بەبێ ژن دونیا تاریك وچۆڵە

ئەوەی حورمەتی دایکی خۆی نەگرێ

یان خوشک و هاوسەر، بێگومان زۆڵە

ژن هەتاوێکە، ڕووناکی ئەدا

بە ئێرەو ئەوێ، بە هەموو زەمین

ئەگەر گەورەیی دڵی ژن نەبێ

بۆ مەرگی پیاوان، کێ دەگێڕێ شین

...

**پێنجەم نموونە:** "کچە کورد"ی شاعیر خۆشەویستییەکی ڕاددەبەدەری بۆ سروشت و شار و گوندەکانی کوردستان هەبووە و، نموونەیەکی زۆر جوان لە پێکەوەژیانی ئایینی باس دەکات، لە "هەرمۆتە"ی گەڕەکی

کریستیاننشینی کۆیە و لە ساڵی ١٩٣٠ دەنووسێت:

ئەگەر هەرمۆتە نەبێ، بەهار نایە لە کۆیە

بۆ کەنیسەی وێ دەڕۆین، هەم ئی من و ئی تۆیە

کچان بۆ بەزم و سەیران، دێن و دەسووڕێنەوە

هەموو بۆ بەختی خۆیان، لە خوا دەپاڕێنەوە

چەندە خۆشە هەرمۆتە، لە سەیران و بەهاری

هەموو یەك خانەوادەین، لە خاکی کوردەواری

...

**شەشەم نموونە:** زەحمەتە لێرەدا، هەموو کتێبەکە بخەینە ڕوو، بەڵام بێ گومان چەندین هەڵبەستی بەهێزی تری تێدا هەیە کە نەماتوانیوە بیخەینە پێش خوێنەران. پێشنیار دەکەین چەندین لەو هەڵبەستانە بخرێنە ناو وانەکانی خوێندنی قوتابیانی کورد و، هەندێکیان شایەنی ئەوەن بکرێنە سروودی نیشتمانی و، ئاوازی شیاوی بۆ دابنرێت. لە کۆتاییدا دەڵێین، ئەم ئافرەتە هۆزانڤانە دەڵێی لە شیعری "ئەمڕۆ و بەیانی"دا داهاتووی کوردی خوێندۆتەوە، کە لە ساڵی ١٩٤٦نووسیویەتی. ئێمە لێرەدا دەیخەینە پێش خوێنەرانی ئازیز:

بەفیڕۆ مەدە گەنجی ئەو عومرە

پێشینان دەڵێن: بۆ ژیان بمرە

...

...

ئەم کوردەوارییەی ساڵەهای ساڵە

خەمی ورگیەتی ومێشکی بەتاڵە

ئەمڕۆکەم هەبێ شوکر و سابیرم

دەخۆم ودەنووم خۆم پاشا و میرم

بیر لە داهاتووو سبەینێ ناکا

بۆ سەربەخۆیی شۆڕش بەرپاکا

دەڵێ قەدەر ونەسیب وەهایە

هەرچی ڕوودەدا وا داندرایە

ئەگەر قەدەریش بیکا بە دەوڵەت

ئیتیفاق نەبن، دەبن بە دوو لەت

بەعزێ لەشکری دوژمن دەهێنن

هەتاکوو پشتی یەکتر بشکێنن

خیانەت نابڕێ لە خوێنی کوردان

بۆیە قەت نابنە هەتاوی ئاسمان

کێ دێ ئەم سیحرە بۆ من بەتاڵ کا

برا کە خوێنی برا حەڵاڵ کا؟!

|

**شوێن و مێژووی بڵاوبوونەوە:** هەولێر – ٢٠١٨- چاپخانەی ڕۆژهەڵات